**بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەبارەت بە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان**

هاوڵاتیانی خۆشەویست:

هەروەک هەمولایەک ئاگادارین لەم ڕۆژانەی دوایدا زنجیرەیەک ڕێپێوان و خۆپیشاندان چەندین شارو شارۆچکەی هەرێمی کوردستانی گرتەوەو هەندێ دەرهاوێشتەی لێکەوتەوە.

ئێمە لە (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)دا وا دەبینین کەڕێپێوانی هاوڵاتیان وەک شێوازێک بۆ دەربڕینی بیرو راو خستنە بەرچاوی داواکاری و ناڕەزایی دەربڕین لەبارو دۆخێکی دیاریکراودا ، مافێکی سەلمێنراوو دەستوری هاوڵاتیانە دیارە لەکۆمەڵگایەکی دیموکراسی و هاوچەرخدا ئەرکی پەرلەمان و پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە کەوەک کەناڵی داخوازیەکانی خەڵک لەشێوەی پڕۆژەو داواکاری ڕێکخراودا بخەنە بەردەستی حکومەت و بەدواداچونی بۆ بکەن تاکو هاوڵاتیان ناچارنەبن خۆیان راستەو خۆ بێنە سەر شەقام و ئەو داواکاریانە دەرببڕن.
سەبارەت بەداواکاریەکانی هاوڵاتیانی کوردستان کەبەگشتی لەدابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەک سوتەمەنی و کارەباو ئاوو هەندێ خزمەتگوزاری تردا خۆی دەبینێتەوە. کەس ناتوانێ نکولی لەرەوایی ئەم داواکاریانە بکات و ئەرکی هەر حکومەتێکیشە  ئەم داواکاریانە جێبەجێ بکات. بەڵام بۆ ئەوەی رەوایی مافەکان و شێوازی داواکردنەکانی لەگەڵ ئامانجەکانیدا ناکۆک نەوەستێتەوە دەبێ لەچوارچێوەی یاساو بەشێوازێکی شارستانی مومارەسە بکرێت و دوربێت لەهەموو شێوازێکی تێکدەرانەو بەکارهێنانی توندو تیژی و هێرشکردنە سەر دام و دەزگاو مومتەلەکاتی گشتی ، چونکە ئەو دام و دەزگایانە موڵکی گەل خۆیەتی. لەرویەکی ترەوە گرنگە ڕێپێوانەکان بەگیانی ئیسلاح خوازانەو دور لەهەناسەی تۆڵەکردنەوە بەڕێوە بچن و زیان بەباری ئاسایش و سەقامگیری هەرێم نەگەیەنێ کە بۆ ئەمڕۆی ئێمە بە دەستکەوتێکی گەورە دادەنرێ ، هەروەها هاوڵاتیان ڕێگانەدەن ئاراستەی مومارەسەکردنی ئەو مافە بەئاقارێکدا بڕوا قورساییەک بخاتە سەر هەرێمی کوردستان کەبەرگەی نەگرێت و سەرەنجام هەمووومان زەرەرمەندبین .
لەلایەکی ترەوەو هەرچی پەیوەندە بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە  سەرەتاو پێش هەموو شتێ گرنگە لەگەڵ گەل و هاوڵاتیاندا (شەفاف) بێت و ئەوە بۆ جەماوەر رونبکاتەوە هۆکاری ئەو گرفتانە چەندیان بابەتی و لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەوەوەیەو چەندیشی پەیوەستە بەجۆری میکانیزم و شێوازی مامەڵەی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە کە پێویستە لێپێچانەوە هەبێت و چارەسەربکرێت .
ئەرکی حکومەتە کەبەجیددی گوێ لە داخوازیەکانی هاوڵاتیان بگرێت و توندو تیژی دژی ڕێپێوانەکان بەکارنەهێنێت و لەکاتی بەکارهێنانیدا لێپرسراوان بدات بەدادگا هەروەها خاوەنی نەخشەیەکی مەرحەلی بێت بۆ ئابلۆقەدانی گیرو گرفتەکان و کار لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی و رواڵەتەکانی ناعەدالەتی کەلە هەرێمەکەماندا هەستی پێدەکرێت . لەپاڵ ئەمەدا کار بۆ چارەسەرکردنێکی دور مەودای کێشەکانیش بکات بۆئەوەی بەگەل و حکومەتەوە لێپرسراوانە مامەڵە لەگەڵ قۆناغەکەدا بکەین و نەهێڵین پێگەی میللەتەکەمان و حکومەتەکەی  لاوازبێت لەکاتێکدا کەهێشتا بەشێ لەمەسەلە نەتەوەییەکان چاوەڕێی چارەسەرن و ئەوەیش پەیوەندی گەرمی حکومەت و هاوڵاتیانی دەوخوازێت .

مەکتەبی سیاسی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
2006/8/12